
# دەستپێک

وەك چۆن منداڵ باڵندەو کلوی بەفرو خالخالۆکەی خۆش دەوێ منیش خەیاڵ و کایە و هەڵپە و خۆشی منداڵم بەگشتی خۆش دەوێ ئەوساتەی بیری منداڵێك لەناو خۆیدا ئاوێتە دەبێت وەك پەپولە لەو جیهانە جوانەدا باڵ دەگرێ هەستم کردوە منیش لەگەڵ ئەودا منداڵ بومەتەوە ئاوێتە بوم بە هەستێکی دڵخۆشکەر و ئارامیان بەمن بەخشیوە هەروەها نزیك بونەوەی من لەهەندێ شاعیرانی ئەدەبیاتی منداڵان کاریگەرەیەکی وایان هەبوو لەسەرم کەبەشەیدایەوە ئەورێچکە هەڵبژێرم کەپڕە لەتام و چێژی چرکە بە چرکەی خۆزگەو هیواکانی منداڵان کاتێ شیعرە ناسك و جوانەکانی (ئەمین محمەد) م دەخوێندەوە بۆم دەرکەوت چەند بەتامازرۆی جۆش و خرۆشەوە حەزو خۆزگەکانی منداڵ دەلاوێنێ بەجارێ ئەوژانرەم زیاتر لاشیرین بوو هەرئەمەش بوو بوبەهۆی ئەوخولیایەم و منیش توانیم کەم تا زۆر ئەورێچکەیە بگرم لەوێوە خزمەت بە و بوارە هەستیارە بکە م جاخوێنەرو ڕەخنەگری بێلایەن خۆیان دەتوانن بڕیارلەسەر باش و خراپی ئە م شیعرانە بدەن هیوادارم توانیبێتم ئەوەی پێویستەو لەتوانامدا بوە پێشکەش بەمنداڵانی کورد بکەم !

سەردارقادر

٢٠٢١ / ١ /٢٦

سلێمانی



ئەم ناميلكە شيعرە

پێشكەشە بە منداڵانی كۆبانی و عەفرين و

گشت مناڵانی چادرگە نشينەكان و

هەموو منداڵانی جيهان



منداڵان ئەوەیان باشە

کە نازانن فریودانی خەڵك چییە

خەڵک بە چاو ئەڕوانن

بە لێو پێ ئەکەنن و

بە زار ئەدوێن

لەکاتێکا

منداڵان هەمووی ئەمانە

بە دڵ ئەکەن.

"سوارە ئیلخانیزادە"



# تەلەفریك

بە سواری تەلەفریك
بۆ جێگای دور و نزیك
لە دەشتەوە بەرەو شاخ
دەڕۆم قۆناخ بە قۆناخ
لە دوورەوە دەڕوانم
دەڵێی فرۆکەوانم
بەتەنیشت باڵندەوە
گۆرانی دەڵێمەوە
ئێستا لەگەڵ کۆترەکان
پێکەوەین لە ناو ئاسمان
هاوڕێی پۆلێ باڵندەم
زۆر دڵخۆش و ئاسودەم
گەشتیارێکی مناڵم
پڕ لە خۆزگە و خەیاڵم
٢٠١٩/١٠/٢٢



# بەفر

مزگێنی بێ هاوڕێیان
وا بەفرە بارێ دیسان
وەرن بیکەن بەخۆشیی
بەفر زەوی داپۆشیی
ئای چەند خۆشە ئەم شوێنە
بۆ یاریی خلیسکێنە
شێرە بەفرینەی کۆڵان
بۆتە هاوڕێی مناڵان
وا بەتەنیشت یەکەوە
وێنە دەگرین پێکەوە
بەمجۆرە تا ئێوارە
یاریی بەفرە لەم شارە
بەخێربێ وەرزی زستان
مژدە ئەدا بە ژیان !

٢٠١٩/٢/١٧
سلێمانی



# ئەستێرە

ئەها ئەستێرە دەرکەوت
ئاسمان ڕوناکیی تێکەوت
بە تیشك و جریوە یان
دڵخۆشم هەتا بەیان
خۆزگە دەفڕیم بۆلاتان
دەهاتم بۆناو ماڵتان
وەرن وەرن تەماشا
بە تیشك تابلۆم کێشا
هەموو خۆزگەی من وایە
بە ئێوە شاد بومایە
تاچاوم دەچێتە خەو
ئێوە هاوڕێمن بە شەو !

٢٠١٤/٩/٨



# بەلەمەکەم

بەلەمەکەم وەك بایە
لە ناو ئاودا خێرایە
چاوم لێیە جار و بار
کە دەڕوا بەرە و کەنار
لەگەڵ شەپۆل پێکەوە
بەرەو خوار دەبنەوە
گەشتی ناو دەریا و ڕوبار
پڕن لە چریکەی باڵدار
لەگەڵ ماسی و مراویم
بە شادومانی دەژیم
پاشان دەگەڕێمەوە
بەرەو کەنار دێمەوە !
٢٠١٩/٥/١٥



# هەنگی زێڕین

هەنگە وردیلەی  زێڕین
وا دیسان کەوتە فڕین
باڵی تەنك و زەرد باوە
دەڵێی ڕەنگی هەتاوە
هەر کاتێ گوڵ بپشکوێ
بۆلای دەفڕێ دەست بەجێ
دەنیشێتەوە بێ دەنگ
لەسە ر گوڵی ڕەنگاو ڕە نگ
بەردەوام هەموو ڕۆژێ
شیلەی گوڵان دەمژێ
جوانە هەنگی وردیلە
خاوەن هەنگوین و شیلە

٢٠١٦/٤/١٧

# کاریلە



وەرە کاریلەی ناسك
بەشێوە وەکو ئاسك
دەزانم میهرەبانی
تۆ لە لای من زۆر جوانی
دەی ڕاکە وەرە بۆلام
منیش وەکو تۆ تەنیام
وێنجە و سێپەڕەم پێیە
دەی بڕوانە لەوێیە
بۆ بێچوی بزن و مەڕە
بۆ خۆت بیخۆو هەڵپەڕە
دەچین بۆ دەشت و کێوان
تۆ کاریلە و من شوان
٢٠١٦/٤/٣



# سەیران

ئای ئای چەند خۆشە سەیران
دەڕۆم  بۆ ناو دارستان
لە سەر لقی ئەو دارە
گوێم لە چریکەی باڵدارە
بێچوە ئاسکێك نەرم و نۆڵ
ڕێگا دەبڕێ گورج و گۆڵ
وا پۆلێ کەو نیشتنەوە
چەند جوانن لە دورەوە
کە گوڵی گەش دەبینم
شادومان و گەشبینم
سەیران و گەشتی مناڵ
پڕن لە وێنە و خەیاڵ!

٢٠١٩/٤/٢٣



# بابەنەورۆز

بەڕێزە بابەنەورۆز
پڕە لە بەزەیی و سۆز
لە دورەوە لێم دیارە
لەسەر گردەکەی یارە
تا بڵێی میهرەبانە
خەمخۆری منداڵانە
وا ئەمرۆ بۆ جەژنی نوێ
ئەم دیاریەم پێدەبەخشێ
ئاگر دائەگیرسێنێ
شادی بۆ ئێمە دێنێ
بەمێوژو نوقڵی شیرین
من دەخاتە پێکەنین
گیرفانی پڕ لە بستە
بەخشندە و خۆشەویستە
وامنیش بۆلای دەڕۆم
بۆبەشە جەژنانەی خۆم !

٢٠١٦/٣/١٩



# کەروێشك

خێرا کەروێشکە بازوو
بۆچی ئەوەندەت پێچوو
ئێ خۆمنیش بە تەنیام
خێراکە وەرە بۆلام
زۆرم خۆشدەوێیت خرپن
زۆر لێت جوانە قونە قون
ئای حەزت لە گێزەرە
دەی ڕامەوەستە وەرە
پاشان ئەچین بۆ گەڕان
بۆ ناو باخچەو گوڵی جوان
زۆر پێم خۆشە لەگەڵمای
چونکە تۆش وەك من تەنیای
٢٠١٦/٩/١٤



# تووتی

ڕاماوم لەو باڵندەیە
ئێستا لەماڵی ئێمەیە
باڵندەیەکی هوشیارە
سرك و بزێو و هەستیارە
لەبەر خۆیەوە پێم دەڵێ
بێدەنگ بە ئەوەندە مەڵێ
ئەم باڵندەیە تووتییە
هەر وەکو کۆتر ماڵییە
وشەی جوانم فێر کردوە
بەزمانی من ڕاهاتووە
دیسان هاتەوە سەردەستم
وشەی تازەی لێ دەبیستم!
٢٠١٨/٦/٩



# بەهار

ئۆخەی ئۆخەی بەهارە
زەوی پڕ لە گوڵزارە
تەماشاکەن ئەو باخچە
پڕە لە گوڵ و خونچە
نێرگز و گوڵاڵەی ئاڵ
خۆشیی ئەدەن بە مناڵ
چەندە جوانن لە پێش چاو
ئاسمانی شین و هەتاو
باران و ئاوی ڕوبار
گوڵ دەبەخشن بە بەهار
زەوی دایکی بەهارە
پڕ لە کانی و ڕوبارە!

١/٣/ ٢٠٢٠

سلێمانی

# یاریی تۆپێن



تۆپت بۆ کڕیم سوپاس دایە گیان
ئە مڕۆ دڵخۆشم لەگەڵ منالا ن
وا ئێستا ئەڕۆم بۆ لای هاوڕێیان
ئەڵێم مژدە بێ بێن بۆ گۆڕەپان
ئەها هەموویان چاوەڕێم ئەکەن
لە خۆشیانا بۆلام ڕادەکە ن
بزانین کاممان وەکو پاڵەوان
یەکەم گۆڵ ئەکەین لە ناو گۆڕەپان
مژدە بێ ئێستا ئەم شووتە گۆڵە
چونکە ئەبینم بەردەمم چۆڵە
ئێستا تیپەکە م یەك گۆڵی هەیە
ئەمجارەش نۆبەی گۆڵی تازەیە !
٢٠١٤/٦/٢٢

# خۆر



وا بەیانە و سەر لە نوێ
دەزانم کە خۆر هەڵدێ
بەیانیت باش خۆری گەش
وەرە بتگرمە باوەش
پەنجەرەکەم واڵایە
تیشکی جوانیی تۆی تیایە
وەرە ببە بە میوان
ماڵ بکە بە چراخان
هەر چەندە لە ئاسمانی
تۆ ڕوناکیی ماڵمانی
هاوڕێیەتی من و تۆ
پڕە لە تیشك و ئاسۆ
٢٠٢٠/١٠/٥

# گالیسکەی باڵدار



ئێستا بە گالیسکەی باڵدار
گەشتێ دەکەم بۆ گوند و شار
پاشان دەفڕم بەرەو ئاسمان
بۆ ئامێزی ئەستێرەکان
وا بەسەر هەورەوە دەفڕم
گۆرانی بۆ ئێوە دەچڕم
ئەمشەو لە لای مانگ میوانم
هاوڕێی گشت ئەستێرەکانم
بە سواری گالیسکەی خەیاڵ
وا گەشت دەکەم منی مناڵ
سوپاس بۆ گالیسکەی باڵدار
بمگەڕێنەوە بۆ ناو شار !

٢٠١٩/٧/٢٤

# خاتوو پەپولە



وا خاتوو پەپولە و هەنگ
سەما دەکەن بەبێ دەنگ
لە سەر گوڵی ڕەنگاو ڕە نگ
دەیکەن بەبەزم و ئاهەنگ
پێکەوە دەچن بۆ دوور
دەڵێن ڕۆژ باش گوڵی سور
لەسەر قەدو چڕۆی دار
دەنیشنەوە هەندێ جار
گۆرانی بۆ ژیان دەچڕن
بەسەر گوڵزاردا دەفڕن
بێوچان دێن و دەچن
وا هاتنەوە بۆ لای من !

٢٠١٩/٨/٢٠

# فـــڕۆکـــەوان



وا ئێستا لە ئاسمانم
دەڵێی فڕۆکەوانم
تاوێ دەفڕم بۆ باکور
دێمەوە بەرە و باشور
بە سەر هەورەوە دەفڕم
وەکو (با) ئاسمان دەبڕم
بـــەرزم وەکو باڵندە
پڕم لە خۆشی و خەندە
جار و بار زۆر بە نەوی
دەڕوانم بۆسەر زەوی
فڕۆکەوانێکم منداڵ
ئێستا دەفڕم بەخەیاڵ
ئای چەند خۆشە جار و بار
وەك من ببن بە گەشـــتیار
٢٠١٦/٥/٢٠



# هاوڕێکەم

یەك دانە هاوڕێم هەیە
وەکو خۆم خنجیلەیە
بانگم دەکا بەکاکە
ناخی جوان ودڵپاکە
کاتێ کەمن دەبینێ
دیاری و نوقڵم بۆدێنێ
بەوتەی خۆش دەمدوێنێ
بەکاکە ناوم دێنێ
هەردەم وەك خوشك وبرا
ڕاستگۆین لەگەڵ یەکترا
من پێم خۆشە بەردەوام
لەگەڵ ئەو هاوڕێیەمدام!
٢٠١٩/٥/٨

# جەژنی لەدایك بوون



وا لەسەر مێز دامناون
ئەها مۆم داگیرساون
هەموو وەرنە پێشەوە
ئێستا مۆم دەکوژێنمەوە
کێك و میوە دابەشکە ن
بۆخۆتان شەربەت نۆشکەن
هەموو ئاهەنگ بگێڕن
بۆ لەدایك بونی من
دایە و بابە لێم دیارن
وەکو گوڵی بەهارن
بە پیرۆزبایی و دیاری
گشتمان دەخەنە یاری!

٢٠٢٠/١١/٢١



# گۆرانیی مناڵ

گۆرانی و سەمای منداڵ
پڕە لە وێنە و خەیاڵ
بەنیگای پاك و شیرین
خەندە دەبەخشن بەژین
لەگەڵ جریوەی پاساری
ئاواز دەکەن بە دیاری
بە وتەی پاك و ڕەوان
ئاوێتەن لەگەڵ ژیان
هاوڕێی پیانۆ و کەمانچەن
وەك شالوری ناو باخچەن
لەکەوی کوێستان دەچن
زۆر خۆشەویستن لای من!

٢٠١٥/٥/٢٧

# نەورۆز



ئۆخەی نەورۆزە ئەمڕۆ
ڕۆژی نوێی یە بۆ من و تۆ
یادێکی زۆر پیرۆزە
ناوی جەژنی نەورۆزە
وەرنە دەر مناڵینە
بۆ ئەم ڕۆژە زێڕینە
دەشت و دەر ڕازاوەیە
بە گوڵاڵە گەشاوەیە
منیش بچکۆلە و وردم
شانازیە کە کـــوردم
ئەم جەژنە هی منیشە
دڵخۆشم پێی هەمیشە
خۆم ئەگۆڕم بۆ نەورۆز
ئەڵێم جەژنتان پیرۆز
٢٠١١/٣/١٦

# شەمەندەفەر



چرك چرك وا كەوتە ڕێ
بە خێرایی ڕێگا دەبڕێ
وا بە شەمەندەفەر دەڕۆم
گەشت دەكەم بە ئارەزووی خۆم
دەكشێ بە ناو دارستانا
بە تەنیشت ڕوباری جوانا
ڕاماوم لە گشت دیمەنێ
ژیان بۆ من پێدەكەنێ
ئای چەند خۆشە بۆ یەكەم جار
وەكو منداڵێكی گەشتیار
نەخشەی گشت شارێ بزانم
وەك وڵاتی كوردستانم !

٢٠١٩/٩/٢٦



# شنەی با

ئێستا لەگەڵ شنەی با
وا دەست دەکەم بەسەما
دەچین بۆ ناو ڕەزوباخ
بۆ سەر بەرزترین شاخ
خۆزگە منیش وەکو ئەو
دەگەڕام بە ڕۆژو شەو
جار جار دەچوم بۆ ئاسمان
منیش وەکو کۆترەکان
تاوێك لای پەپولە و گوڵ
گەشتم دەکرد پڕ بە دڵ
ئۆخەی هاوڕێی سروشتم
وەك باڵندە لە دەشتم !

٢٠١٩/٤/٤

# ئەسپی هەوری





پەڵە هەورێکم هەیە
وەك ئەسپە خنجیلەیە
ئای چەند جوانە لە بەرچاو
وا دەم فڕێنێ بەتاو
سەر پشتی نەرم و نۆڵە
خێرایە گورج و گۆڵە
وا ئێستا بە دڵی خۆم
بۆ هەموو لایەك دەڕۆم
ئای چەند خۆشە جاروبار
دەڕۆم بۆسەر شاخ بەغار
لە سەرخۆ و بێ ڕاوەستان
وا گەشت ئەکەم لە ئاسمان!
٢٠٢٠/٢/١
سلێمانی



# خاڵخاڵۆکە

خاڵخاڵۆکە جوان دیاری
وەرە دەست کەین بە یاری
دەی لەگەڵما باڵ بگرە
بە ئارەزوی خۆت بفڕە
تاوێ خێرا تاوێ خاو
دەچین بۆلای کانی و ئاو
دەی بفڕە بۆ سەرشانم
هاوڕێی بێدەنگی جوانم
چەند جوانی کە بەرز دەفڕێ
لەگەڵ (با) ئاسمان دەبڕی
ڕاوەستە خێرا مەڕۆ
با منیش بێم لەگەڵ تۆ!

٢٠١٩/٤/٧




# تۆم و جێری

له خەوما تۆم و جێری
گوڵیان دابه یەکتری
دەستیان کردبوو به سەما
وەك دوو هاورێی به وەفا
به جارێ سەرم سوڕما
دەستم هێنا به چاوما
ووتم تۆ بڵێی ڕاستبێ
یان خەو دەبینم هاوڕێ
خۆزگه وەکو خەونەکەم
ئاشت دەبونەوه بێخەم
ئاوا هەردوو لەیەك ماڵ
جێری و تۆم ئاشتبن ئەمساڵ
ئافەرین تۆم و جێری
ئەم خەونەم بهێننەدی

٢٠١٨/١٢/٢٩